## شارستانییەتی زاموا/زاموئا (زامواى ناوخۆیی)

وەک لە چەند بەشی دوایی ئەم زنجیرە وتارەدا باسم کرد، مێژووی بۆکان پێوەندی نزیکی بە هەندێ شارسانیەتی کۆنەوە هەیە و لەوانە، مادی و شارسانیەتەکانی پێش هاتنی ماد و ئارییاییەکان بۆ ناوچەکە.

لەو شارسانیەتانە ، باسی "ماننا‌کان" م لە دوو ئاڵقەی پێشتردا کرد و لێرەدا لە "ئەیالەتی زاموا" دەدوێم. دیاکونۆف لە مێژووی ماد دا کاتێ خاکی ماد لەباری جوغرافیاییەوە دابەش دەکات (ل ٨٥ی ترجمەی  فارسی)و دەنووسێت:

ب : لێواری باشووری گۆلی ورمێ و حەوزەی چۆمی جەغەتوو و ئەو رووبارانەی وا بە شێوەی هاوتەریب لەگەڵ ئەودا دەرژێنە خوارێ [ و "تەتەهوو"ی بۆکان یەک لەوانە]، لە سەدەی نۆهەم[ی پێش زایین] دا بە "زامو"ی ناوخۆیی دەناسرا و بەسەر چەند یەکەی سەربەخۆی سیاسیدا دابەش دەبوو (حاررانا، ماننا، مێسی و ... هتد). ئەم ناوچەیە، درەنگتر ناوکی دەوڵەتی ماننای پێک هێنا [واتە زاموا پێش ماننا بوە] و لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین بەدواوە دەکرێ بە ناوەندی ئابووری ماد بێتە حیساب....

ئەیالەتی "زاموئا" یا "لولو" لە باری جوغرافیاییەوە پەیوەندی زۆری لەگەڵ ئاشوور هەبوە و هەموو ئەو خاکەی کە لە گۆلی ورمێوە تا بەشەکانی ژووررووی رووباری دیالە (ناوچەی شاری ئێستای میاندواو و بانە و سلێمانی و زەها و سنە) لە واتای بەربڵاوی خۆیدا بەو ناوە دەناسراو زاموئایی پێ دەگوترا. زاموئا، بەشی سەرەوەی دۆڵی رووباری "زێ"ی بچووک بوە... .(لل ٨٦ و ٨٧).

مێژووی مادی دیاکونۆف و سەرچاوەی مێژووییەکانی ئەو سەردەمانە ناو لە "زاموا" دەبەن و توێژینەری مێژووی کۆنی ناوچەی بۆکان پێویستە سەیری هەموو ئەو سەرچاوانە بکات.